www.kurdistannet.org

27-11-2006 8:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نامەیەکی کراوە بۆبەڕێزسەرۆکی حکومەتی هەرێم کاک نێچیرڤان بارزانی ... برایم بیتوێنی

سڵاووڕیزم بۆتان٠٠ بۆئەوەی یاسا لەکوردستان سەروەربێت، بۆئەوەی سیمای شارستانی بەرقەراربێت، بۆئەوەی برینی زام و هەستەکانی سەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕساڕێژبن وترس و دڵەراوکێی تووندو تیژی لەکوردستان نەمێنێ، بۆئەوەی ئەومناڵ وژن و پیر وگەنجانەی ئاوارەی هەندەران کەساڵانێکی زۆرە لەترسی کوشتن وئەشکەنجەو تووندو تیژیو تۆقاندن لەدوورە ووڵاتانەوەدەژین، بەخۆشەویستی زێدەکەیان شادببنەوە٠ ئەومرۆڤە کاربەدەستانانەی کە هەوڵی توندو تیژی دەدەن بەهۆی خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتی کارەکەیان دژی کەسانی تربۆمەرامی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لێ پرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت بۆئەوەی شوێنەواری ملازمەزۆردارەکانی ڕژێمی گەندەڵی ڕوخاو لەکوردستان نەمێنێ٠٠
من یەکێکم لەوکوردانەی تاراوگە کە تاکو ئێستا زامی کۆنی لەشم سارێژنەبووە، لەمانگی گەڵاڕێزانی ئەمساڵ لەکوردستان بووم کێشەی خانووم هەبوولەدادگا یەکالآم کرد، لە کاتێکدا کێشەکەلەبەرژەوەندی من بەبڕیاری دادگای بەرایی هەولێر١٠٨٦ /٢٠٠٥ لە٢٨/ ٨/ ٢٠٠٦ دەرچوو، بەڵام بەداخەوە تەرەفی ترکەداواکەیان دۆڕاند، بەهۆی مولازمێکی ئاسایش کە ناوی( شوان تەها ) کێشەیەکی زۆری بۆدروستکردم بەبەکارهێنانی دەسەڵاتی کارەکەی بۆمەرامی تایبەتی، لە کاتێکا دەگەڕامەوە لە ئاسایشی ئیبراهیم خەلیل گلدرامەوەو کارتی فرۆکەم بەسەرچوو٠

٢٠٠٦/١١/٢٤